## گیراوەکانی هەلێر دەبێ دەسبەجێ ئازادبکرێن!!
## ئێران ئیعدام دەکات، حکومەتی هەرێمیش خۆپیشانەدەران بەو ئیعدام کردنانە دەسگیردەکات!!!!



لە وەتەی جمهوری ئیسلامی ئێران هاتوەتە سەر حوکم سەدان هەزار کەسی ئیعدام کردوە ، خەڵکی کوردستان بەشی سەرکی ئەم ئیعدام و کوشت وکوشتارەی جمهوری ئیسلامی ئێرانیان بەرکەوتوە. بە هاتنە سەرکاری حکومەتی ئیصلاح گەرا حەسەن ڕوحانی زیاتر لە 200 کەس ئیعدام کراون و جمهوری ئیسلامی ئێران دەستی ناوەتە بیناقاقای خەڵکی ئەو وڵاتەو ڕۆژ نیە ملی لاوانی ئەو وڵاتە نەکا بە پەتا و کرێنەکان نەکا بەسکۆی ئیعدام و گۆڕەپانی مەرگ. زندانیانی سیاسی و خەڵکی ئێران دەستیان داوەتە نارەزایەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم تاوان و قەتڵ عام کردنە، شارەکانی سەقز و بانە و شارەکانی تر بۆ پاراستنی گیانی لاوانیان بێدەنگیان شکاند و ڕووی ڕەشی جمهوری ئیسلامیان ئەوەندەی تر ڕەش کرد.
خەڵکی ئازادی خوازی کوردستانی عێراق بۆ دەنگەوە چونی خەڵکی کوردستانی ئێران بۆ ڕزگار کردنی گیانی لاوان و زیندانیانی سیاسی دەستیان دایە نارەزایەتی و خۆپێشاندان و لە شارەانی سلێمانی و هەولێر و کەرکوک سەدان کەس هاتنە مەیدان و خۆپێشاندانیان ئەنجام دا، لە شاری هەولێر قونسوڵگەری جمهوری ئیسلامی کەوتە بەر شاڵاوی لاوانی نارازی و بەردباران کرا.
بەڵام حکومەتی هەرێم لە جیاتی پێشاندانی هەڵوێست و نارەزایەتی بەرمبەر جمهوری ئیسلامی ئێران جارێکی تر بوو بەشەریکی سەرکوتگەرانی خەڵکی کوردستان چەندان لاوی دەسگیر کردو کە جنسیەی ئێرانیان هەیە و ئەگەری مەترسی ئەوە هەیە ئەم لاوانە ڕا تەسلیمی دەستی جمهوری ئیسلامی ئێران بکاتەوە. ئەم لاوانە خۆیان هەڵاتوی دەستی جمهوری ئیسلامی ئێرانن و هەڵاتوی سیاسی و ئۆپۆزسیونی جمهوری ئیسلامی ئێرانن، بە تەسلیم کردنەوەیان لەبەردەم خەتەری ئیعدام کردنی موحەقەقدا دەبن.
ئێمە وێرای مەحکوم کردنی حکومەتی هەرێم کە بوە بەوەڵام دەرەوەی نیازەکان و داواکاریەکانی جمهوری ئیسلامی پەت وسێدارە، و داوادەکەین دەسبەجێ ئەم لاونە بەربدرێن، حکومەتی هەرێم بە بەرپسیاری یەکەم دەزانین لە ژیانی ئەم لاوانە.

**سمیر نوری**
**قسەکەری**
**کۆمیتەی هەڵوەشانەوەی سزای لە سێدارەدان**
**20133\11\14**